# سندوقی فرۆکە




سۆما سوڵتانی

ره ساڵی شەستەکانەوە ، زانایانی فڕناسی ، هەوڵیان داوە ئامێرێک درووست بکەن کە بتوانێت ، ڕووداو و دەنگی ناو فڕۆکە لە++ کاتی گەشتی ئاسمانی و کەوتنە خوارەوەدا تۆمار بکات و بەرگەی کەوتنە خوارەوە، گەرما، پەستان، کەوتنە ئاو ، ئاگر بگرێت و بتوانێت شەپۆلێک بنێرێت کە شوێنی خۆی دەربخات.




ئەوەبو توانیان سندۆقێکی پرتەقاڵی دروست بکەن کە دوو جۆر ئامێری تێدابێت ، لە بەر ناخۆشی کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە ناونرا ( سندوقی ڕەش) ، دەنا ڕەنگەکەی پرتەقاڵی یە.

هەموو فرۆکەیەک دوو سندوقی تێدایە کە لە کلکەکەی دا ئەنرێت.

یەکەمیان ، ژمارە وەک بەرزی، خێرای ، کات ،...تاد تۆمار دەکات.




دووەمیان ، دەنگ ( ژاوە ژاو ، دەنگی شەرە دەم ، تێکشکان ،...تاد تۆمار دەکات) ئەتوانن تا چەند کاژێرێک بە بەردەوامی ئەم تۆمارە بکەن.

سندووقەکە : دیوارێکی پۆڵای ئەستوری هەیە ، وای لێکردووە بەرگەی کەوتنە خوارەوە و پەستان و گەرما و پیاکەوتن بگرێت . بۆ نمونە بەرگەی تەقینەوە تا ئاستی (3400) نیوتن ، پەستانی وەک پەستانی ئۆقیانووسەکان ئەگرێت ، هەروەها لە تاقیکردنەوە یەکدا 230کلم لە بەرزای (3/51) م دا بەردرایەوە ، تا (24) کاژێر لە ئاوی دەریادا هێڵرایەوە ، خرایە ناو گەرمایەک تا (1100) پلەی سەدی ، هەر بەرگەی گرت و هیچی بەسەر نەهات .



پاش کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەک ، سندوقەکان ئامێریکیان تێدایە شەپۆلی دەنگی سەرو دەنگ پەخش ئەکەن ، بەمەش شوێنی خۆیان ئاشکرا ئەکەن و ئەزانین کەوتوونەتە کوێ لە ئاو دا یان لە سەر ووشکایی.

نرخی ئەم سندووقە سەیر و سەمەرەیە تەنیا (10-30) هەزار دۆلارە کە توانیویەتی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و نهێنی تێکشکانی فرۆکە و کەوتنە خوارەوەکان ئاشکرا بکات.


lakii.com


lakii.com

lakii.com